# بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی کۆیە)

pp. (119-141)

**م. میران محمد صالح**
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی پەروەردە
MiranMuhammad@gmail.com

**م. ی. هەردی زیاد صالح**
زانکۆی کۆیە/ فاکەڵتی پەروەردە
Hardizead@gmail.com

**مێـژووی وەرگرتن:** 2015/04/12
**مێژووی قبولکردن:** 2015/07/01

## پوختە

باشترکردن و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاک و کۆمەڵگە، پێویستییەکی هەمیشەیی، تاکی و کۆمەڵییە، لەم خۆشگوزەرانییانەش باشترکردنی رەوشی خوێندن بەدرێژایی ساڵەکانی فێربوون و چۆنیەتی فیربوون، ئەمە بەهۆکاری ئەوەی هەنووکە ئێمە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی پێشکەوتنە خێراکانین، و ئینجا ئەم پێسکەوتنانە چ لەسەر ئاستی پێشکەوتنی پیشەسازی یان خوێندن، یانیش لەسەر ئاستی پەیوەندییە ئابوورییە نێو دەوڵەتییەکاندا بێت. لەگەڵ ئەو سیستم و رێسا نوێیانەی کە حوکمی جیهان دەکەن، ئەمە جگە لە شۆڕشی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی خویندن، و لێکەوتەکانی ئەمە خۆی دەبینێتەوە لە زیادبوونی رکابەری توندی نێوان دامەزراوە پەروەردەییە جیهانییەکان.

پێشکەوتنی زانستی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوەری پێشکەوتنیەتی، هەروەها بەرپرسیارەتی پێشکەوتنی زانستیش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر ئەستۆی زانکۆ و دامەزراوە فێرکارییەکان. لێرەوە دەرەکەوێت کە خوێندنی زانکۆیی لەڕووی ئامرازەکەنی فێرکردن و شێوازەکانی فێرکردن و بوارەکانی، وەرچەرخانی بەخۆوە بینیوە. ئەم پێشکەوتنە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم و رووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێک بەربەستن کە خوێندنی زانکۆیی دووچاری هاتووە، ئەوەش خۆی لە گەشەسەندنی تەکنیکەکانی فێرکردن و زیادبوونی خواست لەسەری و تەقینەوەی گەورەی زانیاری دەبینێتەوە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار دروستکردنی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی بیرکردنەوە لەبارەی ئیستراتیژییەتە کردەییەکانی پەیوەست بە سەرمایەگوزاری. ئەم توێژینەوەیە بەوە گەیشتووە، کە بەگشتی لە ئێستادا مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەگەڵ پرۆسەی دڵنیایی جۆری نیین و بەتایبەتی لە ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ناڕازین. هەندێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەمجۆرەن، سەبارەت بە گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی رازیبوونی (83.8%)، بە گرنگییەوە دەڕوانە دڵنیایی جۆری و لایان پەسەندە و بە پێویستی دەزانن. بەڵام سەبارەت بە بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان بۆ چۆنییەتی جێبەجێکردن و رۆشنی دڵنیایی جۆری، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ئاستێکی مامناوەند پێیانوایە زانکۆ بەشێوەیەکی روون هەوڵیداوە وشیارکردنەوەی مامۆستایانی بکات و، ویست و ئیرادەیەکی بەهێزیش لای سەرکردە بەڕێوەبردنیەکانی زانکۆ هەیە. سەبارەت بە دانانی پلانی ئیستراتیژی بۆ چۆنییەتی جێبەجێکردنی دڵنیایی جۆری. بەڵام تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە سەرۆکایەتی و بەرپرسە بەڕێوەبردنیەکانی زانکۆی کۆیە، پلانێکی روون و ئاشکرایان بۆ کردنەوەی کۆمەڵێک خولی زانستی لەبارەی دڵنیایی جۆری نییە، هەروەها گرنگی زۆر بە بۆچوون و بیروڕاکانی مامۆستایان نادەن، سەبارەت بە چاکترکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاریی فێرکاری. هەروەها جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری؛ ئەوا دەرکەوتووە: هیچ جیاوازییەکی ئامارەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی (فاکەڵتی، رەگەز، تەمەن، جۆری بڕوانامە، پسپۆری و، ساڵانی خزمەتی زانکۆیی) سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری نییە. ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەمشێوەیە بوون: یەکەم: زانینی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەبارەی

١- گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری.
٢- زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و رۆشنی دڵنیایی جۆری.
٣- ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن.

دووەم: بەراوردکردن و جیاوازی نێوان بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە. (فاکەڵتی، رەگەز، تەمەن، جۆری بڕوانامە، شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە، پلەی زانستی، پسپۆری و ساڵانی خزمەتی زانکۆیی).

میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە، (میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردکاری)یە. هەروەها نموونەی بەکارهاتووش لە جۆری (هەڕەمەکی هێشووی)یە. ئامرازی بەکارهاتوو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بریتییە لە (فۆرمی راپرسی).

**چەمکەکانی توێژینەوە:** دڵنیایی، دڵنیایی جۆری، پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە کوردستان، دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا.

## پێشەکی

باشترکردن و فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاک و کۆمەڵگە، پێویستییەکی هەمیشەیی، تاکی و کۆمەڵییە، لەم خۆشگوزەرانییانەش باشترکردنی رەوشی خوێندن بەدرێژایی ساڵەکانی فێربوون و چۆنیەتی فیربوون، ئەمە بەهۆکاری ئەوەی هەنووکە ئێمە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی پێشکەوتنە خێراکانین و، ئینجا ئەم پێشکەوتنانە چ لەسەر ئاستی پێشکەوتنی پیشەسازی یان خویندن، یانیش لەسەر ئاستی پەیوەندییە ئابوورییە نێو دەوڵەتییەکاندا بێت. لەگەڵ ئەو سیستم

و ڕێسا نوێیانەی کە حوکمی جیهان دەکەن، ئەمە جگە لە شۆڕسی تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی خویندن و، لێکەوتەکانی ئەمە لە زیادبوونی ڕکابەری توندی نێوان دامەزراوە پەروەردەییە جیهانییەکان خۆی دەبینێتەوە.

پێشکەوتنی زانستی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێوەری پێشکەوتنیەتی، هەروەها بەرپرسیارەتی پێشکەوتنی زانستیش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی زانکۆ و دامەزراوە فێرکارییەکان. لێرەوە دەردەکەوێت کە خوێندنی زانکۆیی لەڕووی ئامرازەکانی فێرکردن و شێوازەکانی فێرکردن و بوارەکانی، وەرچەرخانی بەخۆوە بینیوە. ئەم پێشکەوتنە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێک بەربەستن کە خوێندنی زانکۆیی دووچاری هاتووە، ئەوەش خۆی لە گەشەسەندنی تەکنیکەکانی فێرکردن و زیادبوونی خواست لەسەری دەبینێتەوە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار دروستکردنی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی بیرکردنەوە لەبارەی ئیستراتیژییەتە کردەییەکانی پەیوەست بە سەرمایەگوزاری و ئامادەکردنیان بۆ لەخۆگرتنی هەموو گۆڕانەکان و هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤی باشتر لەبەر ڕۆشنایی تێروانینێکی دواڕۆژیی ڕوون و هۆشیارانە بۆ پرۆسەی گۆڕان. لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق پێشخستنی زانکۆکان و دامەزراوە فێرکارییەکان بەپێویست دادەنێت ئەویش لەمیانەی دروستکردنی ناوەندی تایبەت بە دڵنیایی جۆری، بەجۆرێک ئەو خزمەتگوزارییە زانستییانەی لەلایەن وەزارەت و دامەزراوە فێرکارییەکانییەوە پێشکەش دەکرێت، دەبێت لەگەڵ پێوەرەکانی دڵنیایی جیهانیدا وێکبچێت، ئەمەش بە ئامانجی دەرچواندنی کارمەندی کارامە، کە توانستی هەبێت لە دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە. هەروەها زانکۆی کۆیەش وەک یەکێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پەرۆشەوە بەرەو ئەو بابەتە هەنگاوی ناوە، هەر لەسەرەتاوە بەبێ دوودڵی هەوڵیداوە گشت بنەما و پێکهاتەکانی دڵنیایی جۆری جێبەجێ بکات.

بە گشتی ئەم توێژینەوەیە لەبارەی (بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی کۆیە)، یەکێکە لەو هەوڵە زانستییانەی لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆ دەتوێژێتەوە و، لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، تەوەرەکانیش بریتیین لە گرفت، گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوە و، چەمکەکانی (دڵنیای، دڵنیایی جۆری، پرۆسەی دڵنیایی جۆری، دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا و زانکۆی کۆیە) پێناسە و شرۆڤەیان بۆ کراوە. هەروەها کورتە مێژوویەک لەبارەی دڵنیایی جۆری و توێژینەوەکانی پێشوو باس کراون. ئینجا باسکراوە لە میتۆدە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە، کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە، بوارەکانی توێژینەوە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان (فۆرمی ڕاپرسی) و ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا. هەروەها لە کۆتاییدا شیکردنەوەی زانیارییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوە خراوەتەڕوو، هەرەها لە کۆتاییدا ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە خراوەتەڕوو. تەوەرەکانی ئەم توێژینەوەیە بەمشێوەیەن:

**یەکەم: گرفتی توێژینەوە**

لەو ساڵانەی ڕابردوودا خوێندنی زانکۆیی لە عێراق و کوردستان چەندین نشێوی بەخۆوە بینیوە ئەویش بە هۆکاری جیاجیای وەک گەمارۆی ئابووری و شەرە یەک بەدوایی یەکەکان و تیرۆ و ...تاد. گرفتی دڵنیایی خوێندنی زانکۆیی، کە زۆریک لە زانکۆکان و لە نێویشیاندا زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنن، لە گرفتە زانستییە بەرچاوەکانە، کە ئەمەش بێگومان خۆی لە لاوازی ئاستی زانستی و بەڕێوەبردن دەبینێتەوە، کە ئەمەش بە شێوە جیاوازەکانی لە نێو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا قبووڵکراو نییە. لێرەدا گرفتی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەبارەی واقیعی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و، چۆنیەتی جێبەجێکردنی، هەروەها بایەخی لە پێشخستنی خوێندنی زانکۆییدا. **لە کۆتاییدا دەکرێت چەند پرسیارێک بخەینە ڕوو،** پرسیارەکانیش بریتین لەوەی تا چەند مامۆستایانی زانکۆی کۆیە: بەوشێوەیەی کە پرۆسەی دڵنییایی جۆری بەڕێوە دەچێت، ڕازین؟ دڵنیایی جۆری بە پێویست دەزانن لە دامودەزگا ئەکادیمییەکان و، گرنگی پێدەدەن؟ پێیانوایە زانکۆ گرنگی بە بۆچوون و بیروراکانی مامۆستایان دەدات، بە ئامانجی چاکترکردنی کوالێتی خزمەتگوزاری فێرکاری.

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

**دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بخەینەڕوو:**

1: لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرنگییەی کە پرۆسەی دڵنیایی جۆری هەیەتی، ڕۆڵ دەبینێت لە بەرزکردنەوەی کوالێتی لە خوێندنی باڵادا، ئەوا بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە دەیەوێت بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی گیروگرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری (بەتایبەت لە زانکۆی کۆیە) لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە بخاتەڕوو.

2: گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بابەتێکی هەنوکەییە و، جێگەی بایەخی وەزارەتی خوێندنی باڵا و، زانکۆ و تەنانەت بەش و مامۆستاکانیشە.

**سێیەم-ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەچەند ئامانجێک بگات، لەوانەش:

**یەک: زانینی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەبارەی:**

1- گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری.

2- زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و ڕۆشنی دڵنیایی جۆری.

3- ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن.

**دوو: بەراوردکردن و جیاوازی نێوان بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە.**

1- فاکەڵتی: (پەروەردە، زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانست و ئەندازیاری)

2- ڕەگەز: (نێر و مێ)

3- تەمەن: (کەمتر لە ٣٠ ساڵ، ٣٠- ٣٩ ساڵ، ٤٠- ٤٩ ساڵ و ٥٠ ساڵ و بەسەرەوە)

4- جۆری بڕوانامە: (ماستەر و دکتۆرا)

5- شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە: (کوردستان، عێراق و دەرەوەی عێراق)

6- پلەی زانستی: (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر و، پرۆفیسۆر)

7- پسپۆری: (خوێندنی مرۆیی و خوێندنی زانستی)

8- ساڵانی خزمەتی زانکۆیی: (1- 5 ساڵی، 6- 10 ساڵی و (11) ساڵ و بەسەرەوە)

**چوارەم: دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە**

**1: دڵنیایی**

لەم سەردەمەدا بابەتی دڵنیایی (الجودة- Quality) گرنگیی و بایەخێکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن زۆربەی ڕێکخراوەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان جا چ ئەو وڵاتانەی پێشکەوتوو بن یان تازە بەرەو پێشکەوتن هەنگاو بنێن(یوسف، 2002، ص396). هەروەها چەمکی دڵنیایی چەمکێکی ڕێژەییە، پشت دەبەستێت بە هەڵوێستێک (situation) و، مانای جیاواز بە جیاوازی تاکەکان و کاتەکان و دەدات بەدەستەوە(الحاتم، 1998، ص٤٣).

دڵنیایی بریتییە لە کۆی گشتی ئەو خەسڵەت و پێناسینەوانەی، کە کاریگەری لەسەر توانانیی کاڵا یان خزمەتێکی دیاریکراو دروستدەکات بۆ دابینکردنی پێداویستی دیاریکراو(Dilworth, 1987, p260)، هەروەها (ئیڤانس- Evans) ئاماژە دەکات بەوەی دڵنیایی توانایی بەرهەمهێنە لە پێشکەشکردنی کاڵایەک یان خزمەتێک بەشێوەیەک کە خۆی لەو زیانە تێپەڕێنێت کە ئەو کاڵایە یان خزمەتە بۆ بەرهەمهێنی دروست دەکات، ئەمە دوای ئەوەی بۆ کڕیاری دەنێرێت(Evans, 1997, P 44).

هەروەها دڵنیایی بریتییە لە یەکگرتنی تواناکان و وەبەرهێنانی توانا جیاوازەکان بۆ کەسە بەڕێوەبردنیەکان و کارمەندان بەشێوەیەکی گرووپی ئەوەش لەپێناو باشترکردنی ڕێبازی بەڕێوەبردن و خەسڵەتەکانی(نیاب، ١٩٩٧، ص٢). یان پێناسە کراوە بەوەی جیاوازی نێوان ئەوەی کە لەلایەن داواکارەوە (قوتابی) چاوەڕوان دەکرێت و ئەوەی کە بەتەواوی پێشکەشی دەکرێت(معلا، 1998، ص359). یاخود بریتییە لە بەدیهێنانی ئامانج و هیواکانی (رغبات) سەردانیکار (قوتابی) بەشێوەیەکی بەردەوام(المحیاوي، 2006، ص24).

**2: دڵنیایی جۆری**

دڵنیایی جۆری (ضمان الجودة- Quality Assurance) بریتییە لە ڕێگەیەک بۆ وەسفکردنی گشت سیستم، سەرچاوە و زانیارییەکان کە دامەزراوەکان بەکاریان دەهێنن بۆ پارێزگاریکردن و باشترکردنی ئاستی خۆیان(البهواش، ٢٠٠٧، ص٥٦). یان هەندێکیش وا پێناسی دەکەن، کە پرۆسەی دۆزینەوەی میکانیزم و کارپایی پراکتیزەکردنە لە کاتێکی گونجاودا ئەوەش بۆ دڵنیابوون لە دەسکەوتنی ئەو دڵنیاییە داواکراوەیە بەپێی پێوەرە بابەتییەکان(جامعة بابل، ص١).

هەروەها بریتییە لە ئامرازێک یان کۆمەڵە ئامرازێکە دامەزراوەکان بەکاریان دەهێنن بۆ دڵنیابوون و بەڵێندان بەوەی ئاستی دڵنیایی خزمەتەکان بۆ بەرەو باشتربوون زیاد دەکات(البهواش، ٢٠٠٧، ص٥٧).

### 3: پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە کوردستان

بریتییە لە چەند چالاکییەکی بەدەوام لە پلاندانان، چاودێریکردن، بەدواداچوون، هەڵسەنگاندن، راپۆرت نووسین و جێبەجێکردن، بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن لەگەڵ ئامانجەکانی بگونجێن. هەروەها پەرەپێدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لەناو زانکۆ و دەستەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە ئیستراتیژییە گرنگەکانی وەزارەتی خوێندن و باڵا و توێژینەوەی زانستییە (ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤).

زانکۆ و دەستەکانی هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی زانستی دادەنرێت، کە قوتابی و مامۆستا و کارمەندان لەخۆ دەگرێت و لەسەر هەموویان پێویستە ئاستێکی بەرزی فێرکاری لە هەموو بوارەکاندا پێشکەش بکەن، پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان چەند چالاکییەک لەخۆ دەگرێت، لەوانەش:

- پێشکەشکردنی دڵنیایی بە زانکۆ و دەستەکان سەبارەت بەو بڕوانامانەی بە قوتابیانی دەبەخشێت.
- دڵنیایی لە جۆری خوێندن و وتنەوەی بابەتەکان.
- پشتگیرییکردنی قوتابی لەکاتی وەرگرتنی کۆرسەکان و پاراستنی مافیان.
- دڵنیایکردنی قوتابی لەو بڕوانامەیەی کە پێی دەبەخشرێت.
- دڵنیاکردنی بازاری کار لە ئاستی هونەر و زانستی کارمەندانی پیشەیی.
- نووسینی راپۆرت و توێژینەوەی دەرچوون و سەرچاوە و بەدواداچوون و سەرپەرشتی و پاراستنی دۆکیومێنتەکان و بڕیاردان و هەندێکجاریش سەیری بابەتەکان دەکرێت لەگەڵ چۆنیەتی وتنەوەیان (ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤).

### 1-2-4: دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا

خوێندنی باڵا لە گرنگترین لایەنەکانی ژیانە، کە دڵنیایی کاریگەری لەسەر دەبێت و هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگە گرنگی پێدەدەن، ئەمەش لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان دڵنیایی خوێندنی باڵا و گەشەی کۆمەڵگەکان بەگشتی و گەشی ئابووری بەتایبەتی(البامرني، ٢٠٠٦، ص34). هەروەها بەڕێوەبردنی دڵنیایی جۆری بەو رەوش و فاکتەرە ئابوورییە باوانەی کۆمەڵگە کاریگەر دەبێت، جیاوازی کۆمەڵگەکان لەرووی گەشەسەندنی ئابووری و ئەوەی پەیوەستە بە جیاوازی لەڕووی توانستییە مرۆیی و مادییە بەردەستەکان، کۆمەڵێک کێشە بەسەر بەڕێوەبردنی دڵنیایی دەسەپێنێت، بەمپێیە بەرپرسیارێتییەک دەکەوێتە سەر شانی دەسەڵاتدارانی بواری فێرکاری، ئەویش پلانی سیستەمە فێرکارییەکانە لەبەر رۆشنایی پێداویستییە نەتەوەیی و ئابوورییەکانی وڵات(مرسي، ١٩٨٥، ص٤١). ئینجا سیستەمی فێرکاری لە وڵاتێکی دیاریکراودا بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە کاریگەری دەبێت لەڕووی پابەندییەکان، ئاڕاستەکان، یاساکان و دەزگا جیاوازەکانی، بۆیە جیاوازی رەوتە حزبی و سیاسییەکان و ئەو جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەی پەیوەستە پێوەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی دڵنیایی دروست دەکات(الخولي، 2001، ص٦٢-٦٥).

هەروەها بۆ دۆزینەوە و پێناسکردنی دڵنیایی خوێندن، رووبەڕووی زەحمەتی دەبیتەوە ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە چەمکەکان لە سەرچاوەی فەلسەفی جیاوازەوە هەڵدەقوڵێن، ئەمەیە وادەکات پشت بە فەلسەفەیەکی دیاریکراو ببەستین، لەبەر ئەوەی لە هەناویدا هەڵبژاردەیەکی ئایدیۆلۆژی هەڵدەگرێت، کە بەرەو لاگیری هەنگاو دەنێت، بۆیە پێمانوایە دڵنیایی خوێندن بریتییە لە دەستەبەرکردنی گشتی هەڵچونەکانی (قوتابیانە) بە ئامانجی پێدانی مەعریفە و بەهرەمەندی و ئاڕاستەگەلێک کە توانایان پێ دەدات بۆ جێبەجێکردنی چاوەڕوانییەکانی لایەنە سوودمەندەکان(محجوب، ٢٠٠٣، ص١٠٥).

بەڵام دڵنیایی لە خوێندنی باڵا، ئەوا چەمکێکی دینامیکییە، فرە رەهەندە و کۆمەڵێک ئاستی هەیە، تارادەیەکی زۆر پشت دەبەستێ بەو رووەی کە سیستەمی دڵنیاییەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لەسەر ئەو پەیام و ئامانجانەی کە دامەزراوەکە هەیەتی، دواجاریش ئەو رەوش و ئاستانەی لەنێو سیستەمەکەدا هەیە(البهواش، ٢٠٠٧، ص٤٢)، یان بەپێی کۆنگرەی یونسکۆ بۆ خوێندن لە پاریس لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1998، کە رێککەوتن لەسەر ئەوەی دڵنیایی لە خوێندنی باڵادا چەمکێکە کۆمەڵێک لایەنی هەیە، پێویستە هەموو فەرمان و ئەرکەکانی فێرکردن و چالاکییەکانی لەخۆ بگرێت، وەکو پرۆگرامەکانی خوێندن، توێژینەوەی زانستی، قوتابیان، باڵاخانە و کەرەستەکان، دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگەی خۆجێیی، فێرکردنی خودی و دیاریکردنی پێوەرەکانی بەراووردکاری بۆ دڵنیایی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان(العبيدي، 2009، ص3). هەربۆیەش (مارتن تراو- Martin Trow) بەمشێوەیە پرسیار دەکات و دەڵێت؛ چۆن زانکۆ گەورەکانی جیهان دەتوانن بەرهەمهێنەری توێژینەوە بن و قوتابی راهێنراو مامۆستای باش دەربچوێنن، بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی بۆ دڵنیایی ئەو زانکۆیانە بکرێت(برينان و شاه، 2007، ص105).

لە کۆتاییدا (لینک- Link) وا پێناسی دەکات، کە ئەو هێزە پاڵنەرە داواکراوەیە بۆ تەکاندان بە سیستەمی خوێندنی باڵا

بەشێوەیەکی کارا کە ئەو پەیام و ئامانجانەی بۆی دانراوە لەلایەن کۆمەڵگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە خوێندنی زانکۆیی، دەستەبەر بکات(Link, 1995, p49-50). یان بریتییە لە توانایی بۆ گۆڕینی قوتابیان بەشێوەیەکی بەردەوام و زیادکردنی بەهای نوێ و گەشپێدانی کەسایەتییان(البهواش ، 2007، ص٤٣).

بەڵام سەبارەت بە پێناسەی ڕێکاری لەم توێژینەوەیەدا، ئەوا (دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵا) پرۆسەیەکی دینامیکیە کە پاڵنەرە و داواکراوە بۆ برەودان بە پرۆسەی خوێندن لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان بەگشتی زانکۆی کۆیە بەتایبەتی، کە تاراددەیەکی زۆر پشت دەبەستێ بەو جۆرەی کە سیستمی دڵنیایی و ئامانجەکانی دامەزراوەکە و ئەو ڕەوشە گونجاوەی لە نێو سیستمی خوێندندا هەیە، تێیدا پراکتیز دەکرێت.

**5: زانکۆی کۆیە**

زانکۆی کۆیە (جامعة كوية) دەکەوێتە شاری کۆیەی پارێزگای هەولێر. شاری کۆیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق لە نێوان هەرسێ پارێزگاکانی (هەولێر، کەرکوک، سلێمانی). لەرووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە (غفور، ٢٠٠٢، ل٩٢-٩٣). لە ساڵی (١٩١٩) وەک قەزا ناسراوە، لە کۆتایی ساڵی (2004) یەکەم زانکۆی تێدا دامەزرا بەناوی (زانکۆی کۆیە)، لە ئێستاشدا زانکۆی کۆیە پێکدێت لە (4) فاکەڵتی و (22) بەشی زانستی و، (381) دەستەی فێرکاری(لشکری، بەرپرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە، 2015).

## پێنجەم: کورتە مێژوویەک لەبارەی دڵنیایی جۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### ١: کورتە مێژوویەک لەبارەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

بەرلەوەی باس لە کورتە مێژوویەک لەبارەی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستان بکەین، باشتروایە کورتەیەک لەبارەی قۆناغەکانی دەرکەوتنی دڵنیایی بکەین:

**١-٢: قۆناغەکانی دەرکەوتنی دڵنیایی**

دڵنیایی لە سەرەتادا لە بواری پیشەسازی و بەڕێوەبردن جێبەجێکراوە و ئینجا لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بۆ خوێندنی باڵا گواسترایەوە، دڵنیایی بە گشتی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، قۆناغی یەکەم لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەست پێدەکات، لە بیرمەندە دیارەکانیشی بیرمەندی ئەمریکی (فیجن بادم) کە ئاماژەی بەوە کردووە دڵنیایی بەرپرسیارێتی هەموو کارمەندانی دامەزراوەیەکە ئینجا ئەگەر ئەو کارمەندانە کاری بەڕێوەبردن یان تەکنیکی بکەن( Baum, 1986, p115).

بەڵام قۆناغی دووەم لە سەرەتای شەستەکان دەست پێدەکات، لە پێشەنگانی ئەم قۆناخە (ئێدوارد دیمنج- Edward Deming)، کە چواردە بنەمای داناوە بۆ دەستەبەرکردنی جیاکاری رکابەرێتی نێوان دامەزراوەکان بۆ رکابەرایەتیکردن (التنافسية) لە نێو بازاڕدا(Edward, 1985, p159). پاشان لە سەرەتای حەفتاکان فەلسەفەی (فیلیپ کرۆس- Philip Cros) دەرکەوت کە ئەویش چواردە هەنگاوی بۆ پێشخستن و باشترکردنی دڵنیایی و بەڕێوەبردنی دەستنیشان کردووە(Michacl, 1991, p159). پاشان فەلسەفەی (جۆران- Juran) دەرکەوت کە سێ پرۆسەی بۆ دڵنیایی دەستنیشان کردووە، ئەوانیس پرۆسەی پلاندانان، باشترکردن و پەرەپێدانە(عليمان، 2004، ص55).

بەڵام قۆناغی کۆتایی، لە کۆتاییەکانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دەستی پێکرد، کە لەم قۆناغەدا زۆرێک لە چەمکەکانی دڵنیایی و بەڕێوەبردنی دڵنیایی گەشەیان سەند بۆ نموونە چەمکی سیستم، ئەڵقەکانی دڵنیایی و ڕێگەی دڵنیایی بەکارهاتوون، هەروەها چەمکی دڵنیایی وەک ئەرکێکی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردن دەرکەوت لەگەڵیشیدا گرنگی پراکتیزەکردنی لە بوارە جیاجیاکاندا وەک خزمەتگوزاری پزیشکی و چاودێری ژینگە و دروستکردنی ووزەی ناوەکی و خوێندنی باڵا و بواری دیکە. هەروەها دەرکەوتنی چەمکی داتاشراوی وەک خۆشگوزەرانی، دڵنیایی ژینگەی کارکردن. لە کۆتاییشدا پێوەری نێودەوڵەتی بۆ دڵنیایی دەرکەوتن(عليمان، ٢٠٠٤، ص56).

### 2-2: مێژووی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان، لە سەرەتادا لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) وەک ئەزموونێک لە هەندێ

قۆناغی زانکۆیی دەستی پێکرد، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٠- ٢٠١١) دەستکرا بە جێبەجێکردنی پرۆسەکە لەسەر هەموو قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان، کە تا ئێستاش (ساڵی 2015) بەردەوامە.

هەروەها بنەما و پێکهاتەکانی دڵنیایی جۆری لەناو سیستمی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان چەند بەرنامەیەک لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش: (دڵنیایی جۆری خوێندن، زانستخوازی بەردەوام، پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، هەڵسەنگاندنی هەگبەی مامۆستا و مۆڵەتپێدان و متمانە بەخشین)(ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤). بەڵام لە ئێستادا لەژێر ناوی (دڵنیایی جۆری خوێندن) کە لە سێ کۆڵەکە پێکدێت (هەگبەی مامۆستا، زانستخوازی بەردەوام و، فیدباکی قوتابی) جێبەجێ دەکرێت.

هەروەها ئامانجی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستان دروستکردنی ژینگەیەکی شیاوە کە یارمەتیدەربێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێرکردن و توێژینەوەی زانستی و پێشخستنی بۆ ئەوەی بە ئاستی زانکۆکانی جیهان بگات.

سەبارەت بە پلان و میکانیزمەکانی دڵنیایی جۆری ئەوا لەڕێی دروستکردنی (لیژنەی دڵنیایی جۆری فێرکاری) لەهەموو زانکۆ و پەیمانگاکان و پاشان دروستکردنی لیژنەی لاوەکی دیکە لە کۆلێژ و پەیمانگەکان کە دەتوانێ سەرپەرشتی پرۆژەکە بکات. هەروەها پێویستە لێژنە بۆ هەر بەشێک دروست بکرێت ئەوەش بۆ پراکتیزەکردنی بنەمای دڵنیایی جۆری و ئەندامانی ئەم لێژنەیە بە (ڕێکخەر) ناودەبرێن و یەکێک لەو ئەندامانە سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دەکات و، ئەندامێکی دیکە دەبێتە جێگری سەرۆک لیژنە بەمەرجێک نابێت هیچ کامێکیان ئەرکێکی بەڕێوەبردنی دیکەیان هەبێت.

سەرۆکی لێژنەکانی دڵنیایی خوێندن لە کۆلێژە جیاوازەکان ئەندامی لێژنەکانی دڵنیایی جۆری و لینکی زانکۆ و دەستەکان بن، ئەمانیش لەژێر سەرپەرشتی جێگری سەرۆک زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا دەبن و ئەو لێژنانە پاڵپشتی لە کارمەندانی بەڕێوەبردنی دڵنیایی جۆری لە زانکۆ و دەستەکان وەردەگرن، کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بنەمای ئاراستەکار و کۆکردنەوەی زانیاری لەپێناو دانانی بەرنامەی خوێندن، هەروەها ئەو لێژنانە بەرپرسن لە کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوەیان لەگەڵ هەموو هەڵسەنگاندنەکانی قوتابیان و بەدواداچونی ئەو داتایانە و هەموو ئەنجامەکانی(ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤).

هەروەها کۆڵگە سەرەکییەکانی دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بریتییە لە (پێداچوونەوەی کۆرسی خوێندن، پەرتووکی کۆرس، هەڵسەنگاندن "فیدباکی قوتابی و، هەڵسەنگێنەری دەرەکی"، زانستخوازی بەردەوام، هەگبەی مامۆستا، پێداچوونەوەی هاوەڵان، پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، مۆڵەتدان، متمانەبەخشین و ئەلۆمنای "Alumni")(ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٤).

**شەسەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر لەبارەی دڵنیایی گشتگیر لە هەموو جیهان و وڵاتە عەرەبییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامدراون، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی کەم توێژینەوە ئەنجامدراون، بەڵام هەڵسەنگاندنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکان توێژینەوەی زۆری لەبارەوە نەکراوە. ئێستاش لە خوارەوە هەندێک لەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو:

1: توێژینەوەی (هازارد، 1993) بە ناونیشانی "**بەهێزی و لاوازی بەڕێوەبردنی دڵنیایی گشتگیر لە خوێندنی باڵا**".

لێرەدا توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە لەوانەش خاڵە بەهێزەکانی وەک زیادبوون و بەشداری ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە، هەروەها بەکارهێنانی باشتری سەرچاوە بەردەستەکان و، زیادبوونی هاوکاری لەنێوان بەشە جیاوازەکان، لەگەڵیشیدا پێشنیارکردنی چارەسەری بۆ گرفتەکانی دڵنیایی جۆری لەو دامەزراوەیەدا. بەڵام سەبارەت بە خاڵە لاوازەکان ئەوا بریتین لە نەبوونی کات و لایەنی پێویست بۆ پراکتیزەکردنی دڵنیایی و زەحمەت تێگەیشتنی لایەنە بەڕێوەبردنیەکانی ئەم دامەزراوانە لە سروشتی بەڕێوەبردنی دڵنیایی گشتگیر و، هەراسانبوونی تیمی دڵنیایی جۆری بەهۆی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و ڕێگری دەکات لە بزاوتنیان بەرەو ڕێچکە ڕاستەکە، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی باش خزمەتی خوێندنی زانکۆیی بکات(البامرني، ٢٠٠٦، ص65).

2: توێژینەوەی (لاوس و سمیس، 1997) بە ناونیشانی "**لەبەرچی چاککردنی دڵنیایی لە خوێندنی باڵادا**".

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکردنەوەی گرنگی جێبەجێکردنی دڵنیاییە لە خوێندنی زانکۆییدا، ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بەوەی کە جێبەجێکردنی دڵنیایی ڕێگە دەدات بە زانکۆ کە بەشێوەیەکی چاکتر بە کۆمەڵگە وابەستە بێت، یارمەتیشی دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی نێوان بەش و کۆلێژەکان، هەروەها چارەسەرکردنی هەموو لایەنەکانی کەمتەرخەمی لە پێگەیاندنی قوتابی(البامرني، ٢٠٠٦، ص66).

3: توێژینەوەی (سامان تۆفیق حمەدرویش، ٢٠١٢) بە ناونیشانی "**گرنگی پلانی ئیستراتیژی و دڵنیایی گشتگیر لە گەشەپێدانی خوێندنی زانکۆیی**" کە زانکۆی سلێمانی بە نموونە وەرگرتووە.

توێژەر میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی بەرێگەی نموونەی رەمەکی پشکدار لە (100) لێتوێژراو وەرگرتووە لە هەردوو رەگەز. تیایدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە: پلانی ئیستراتیژی پشکدارییەکی بەهێزی هەیە لە پاڵپشتیکردنی خاڵە بەهێزەکان و چارەسەرکردنی لاوازی لە خوێندنی زانکۆیی، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر نەبوونی پلانی ئیستراتیژی لە خوێندنی باڵا بەشێوەیەکی ناوەندی، هەروەها ئاماژە دەکات بەوەی لاوازییەک هەیە لە هاندانی کارمەندە کارامەکان.

4: توێژینەوەی (بهات عبدالرزاق سعید، ٢٠١٤)

توێژەر لەم توێژینەوەیەیدا هەوڵیداوە ئاستی بەهرەمەندی لە وتنەوەی وانەبێژی و زانینی جیاوازی نیوان لایەنەکانی ئەو توانستیانە و ئاراستەی مامۆستایانی زانکۆ سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆی کۆیە بزانێت. توێژەر (٦٠) مامۆستای زانکۆیی لە هەردوو رەگەز وەرگرتووە ئەوەش لە کۆی (٣٨٦) مامۆستا. پشتی بە پێوەری سایکۆمەتری بەستووە، لەگەڵ تێبینیکردنی توانا هزرییەکان و خەسڵەتە خودییەکانی مامۆستا. لە کۆتاییدا یەکێک لە ئەنجامەکانی بریتییە لە بوونی پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لە نێوان بەهرەمەندی وانەوتنەوە و پرۆسەی دڵنیایی جۆری.

## حەوتەم: میتۆدی توێژینەوە

میتۆد (Method) پێناسە دەکرێت بەوەی کە ئامرازێکی دەستنیشانکراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیارکراو(العسكري، 2007، ص1) یان کۆمەڵە رێسایەکی زانستی و لۆژیکییە، یارمەتی توێژەر دەدات بۆ هەڵوەشاندنەوە و رێکخستنەوە و بەستەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی بابەتی، هەروەها لە رێگەیەوە بیرۆکەکان لەگەڵ یەکتر دەگونجێنێت و پیشانیان دەدات(عقيل، 2010، ص10).

1: **میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی** (Social Survey Method) **بەلام بەرێگەی نموونە** (Sample)، میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە میتۆدە سەرەکییەکان بەکاردەهێندرێت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ وەسفکردنی دیاردەیەکی لێتوێژراو و وێناکردنی بەشێوەیەکی چەندێتی (کمي) لەرێگەی کۆکردنەوەی زانیاییەکان لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو، بەمەبەستی رێکخستن و شیکردنەوەیان(شفيق، 2008، ص87). هەروەها گشتاندنی ئەنجامەکانی نموونەکە بەسەر ئەو کۆمەڵگەی توێژینەوەیەی کە نموونەکەی لێوەرگیراوە، بەڵام تا خەسڵەتەکانی ئەو یەکانەی وەک نموونەی توێژینەوە وەرگیراون نزیک بێت لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە ئەوا باشتر دەتوانرێت ئەنجامەکانی لەسەر بگشتێنرێت(عقيل، 1999، ص94).

2: **میتۆدی بەراوردکاری** (Comparative Method)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی بەراوردکاری لەلایەنی مەیدانی، بۆ بەراوردکردنی نێوان بۆچوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکانی (فاکەڵتی، رەگەز، تەمەن، جۆری بروانامە، شوێنی بەدەستهێنانی بروانامە، پلەی زانستی، پسپۆری و، ساڵانی خزمەتی زانکۆیی) بەکارهاتووە.

## هەشتەم: کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

### 1: دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوە گشت ئەو تاکانە یان حاڵەتانە دەگرێتەوە، کە توێژەر دەیەوێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەسەریاندا بگشتێنێت. ئەم توێژینەوەیە لەبارەی (**بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی کۆیە**) کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتی دەبێت لە هەموو مامۆستایانی وانەبێژ لە هەر چوار فاکەڵتی زانکۆی کۆیە.

### 2-2-3: دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا نموونەیەکی هەرەمەکی (Random Sample) لە جۆری (هێشوویی- العنقودية- Cluster) وەرگیراوە. هەندێ کات تاکەکان لە کۆمەڵگەدا لە چەند گروپێکدا پۆلێنکراون و توێژەر دەتوانێت لە جیاتی هەڵبژاردنی تاکەکان، گروپەکان

هەڵبژێرێت(گراوتر و فۆرزانو، 2011، ص191- 192). هەروەها لەم جۆرەی نموونە وەرگرتنەدا گروپەکان هەڵدەبژێردرێن نەک تاکەکان و پێویست بە هەبوونی لیستی ناوی تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە ناکات(الصيرفی، 2008، ص201- 203).

قەبارەی نموونەی ئەم توێژینەوەیە لە (100) مامۆستای وانەبێژ پێکهاتووە، کە دەکاتە ڕێژەی (26%) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، (ئەمەش ئاماژەیەکی باشە چونکە بەپێی بۆچوونی هەندێک لە توێژەران کاتێک قەبارەی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە چەند سەد کەسێک پێکهاتبێت ئەوا وەرگرتنی ڕێژەی (20%) نموونە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بە نموونەیەکی باش هەژمار دەکرێت)(ملحم، 2002، ص139)، تاکەکانی نموونە بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی هێشوویی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، لەسەر بنچینەی شوێنی فاکەڵتی و بەشەکان بەپێی ڕێژەی هەر فاکەڵتییەک(لشکری، بەرپرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە، ئاماری ژمارەی مامۆستایان بەپێی فاکەڵتی، 2015)، لەو چوار فاکەڵتییەی کە بە نموونە وەرگیراون، واتە لە قۆناغی یەکەمدا زانکۆی کۆیە بەسەر چوار فاکەڵتی دابەشکراوە، هەریەکەیان بەپێی ژمارەی مامۆستایانی وانەبێژ فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بەسەردا دابەشکراوە، ئینجا لە قۆناغی دووەمدا هەریەکە لەو فاکەڵتیانە چەند فۆرمی بەرکەوتووە بەپێی ژمارەی مامۆستایانی هەر بەشێک فۆرمەکانیان بەسەر دابەشکراوە، بڕوانە (خشتەی 1):

**(خشتەی 1)**

**چۆنیەتی وەرگرتنی نموونە بەپێی فاکەڵتی ڕووندەکاتەوە**

| فاکەڵتی | ژمارەی مامۆستایان | ڕێژەی سەدی | ژمارەی فۆرمی بڵاوکراوە | ژمارەی فۆرمی درووست و گەڕاوە (قەبارەی نموونە) |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردە | 125 | %32.81 | 65 | 40 |
| زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | 66 | %17.32 | 35 | 18 |
| زانست و تەندروستی | 85 | %22.31 | 45 | 19 |
| ئەندازیاری | 105 | %27.56 | 55 | 23 |
| کۆی گشتی | 381 | %100 | 200 | 100 |
| تێبینی: توێژەر لە بنچینەدا (200) فۆرمی ڕاپرسی بڵاو کردەوە، بەڵام دوای بیست ڕۆژ تەنها (100) فۆرمی دروستی بۆ گەڕێندرایەوە. | | | | |

**نۆیەم: بوارەکانی توێژینەوە**

1: **بواری مرۆیی:** ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە وانە دەڵێنەوە لە هەر چوار فاکەڵتی زانکۆی کۆیە، ئینجا چ پیاو بن یان ئافرەت.

2: **بواری شوێن:** سنووری جوگرافی توێژینەوەکە بریتییە لە زانکۆی کۆیە.

3: **بواری کاتی:** مەبەست لێی ئەو کاتەیە، کە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە تەرخان کرابوو، لەم توێژینەوەیەدا بواری کاتی ماوەی نێوان (1/ 2/ 2015 تاکو 1/ 4/ 2015) بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان خایاندووە.

**دەیەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان**

لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە (Questionnaire) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراوە، دوای ئەوەی پرسیارنامەکە لە سەرەتادا لە شێوەی چەند برگەیەک بەشێوەی پێوەری لیگەرت (Likert scale)ی پێنجی ئامادەکرا، ئینجا بۆ ئەوەی مەرجە

سایکۆمەترییەکانی لێبێتە دی، هەردوو ئامرازی "راستێتی- Validity" و "جێگیریی Reliability"(مغلي و سلامة، 2002، ص41-45) (العزاوي، 2008، ص93- 99) لەسەر جێبەجێ کرا.

پرسیارنامەکەی ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ لای (7) لە پسپۆران بردران، دوای گەڕانەوەی پرسیارنامەکە دەرکەوت پلەی راستێتی ئامرازی پێوانەکردن بریتییە لە (88.88%)(سەیری پاشکۆی "2" بکە)، ئەمەش بە ئاماژەیەکی زۆر باش دادەنرێت بۆ رازیبوونی پسپۆران لە پرسیارنامەکە. هەروەها بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامراز، توێژەر (12) فۆرمی بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دابەشکرد، لە رێگەی بەکارهێنانی هاوکۆڵکەی ئەلفا کرونباخ (Alpha Cronbach) دەرکەوت جێگیری ئامراز (0.881)(سەیری پاشکۆی "3" بکە) هەروەها ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ جێگیری پرسیارنامەکە.

لە کۆتاییدا ژمارەی برگەکانی پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە بوو بە (24) پرسیار، لەوانەش (8) پرسیاریان گشتین بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەندامانی نموونەکە دانراون و، (16) پرسیاریشیان تایبەتین، بۆ دەرخستنی بۆچوونی مامۆستایان سەبارەرت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری دانراوە.(سەیری پاشکۆی "1" بکە)

**یازدەم: ئامرازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا**

- ئەمرۆ کۆمپیوتەر لە پرۆسەی توێژینەوەدا رۆڵێکی باڵا دەگێڕێت، یەکێک لەو بەرنامە کۆمپیوتەریانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بەرنامەی (Spss)، ئەویش بۆ پۆلێنکردن و دروستکردنی خشتەکان و شیکردنەوەی زانیارییەکان سوودی لێوەرگیراوە. هەروەها دەرهێنانی رێژەی سەدی (النسبة المئوية)، ناوەندی ژمارەیی (الوسط الحسابي Mean)، ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (الوسط الحسابي المرجح للفقرة)(المنيزل و غرايبة، 2006، ص55)، ئەلفا کرونباخ (Alpha Cronbach) بۆ جێگیری پرسیارنامە، لادانی پێوەریی (الانحراف المعياري - Std. Deviation)، تاقیکردنەوەی (ت)ی (الاختبار التائي- T-Test) (عوض، 1999، ص141- 147) و ئەنۆڤا (تحليل التباين- Anova) (خيري، 1997، ص265) سوودی لێوەرگیراوە.

**دوازدەم: شیکردنەوەی زانیارییەکان و ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**یەک: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە**

**١:خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکاتی نموونەی توێژینەوە**

لە (خشتەی ٢) کە تیاییدا خەسڵەتەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت:

**فاکەڵتی:** رێژەی (40%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە مامۆستان لە فاکەڵتی پەروەردە، ئینجا رێژەی(23%) مامۆستان لە فاکەڵتی ئەندازیاریی، هەروەها رێژەی (19%) لە فاکەڵتی زانست و تەندروستی مامۆستان، ئەو مامۆستایانەی لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان وانە دەڵێنەوە رێژەی (18%) تاکەکانی نموونەکە پێکدەهێنن.

**رەگەز:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە رێژەی(84%) لە رەگەزی نێر پێکهاتوون، رەگەزی مێ (16%) نموونەکە پێکدەهێنن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زانکۆی کۆیە زیاتر مامۆستاکانی لە رەگەزی نێرن.

**تەمەن:** دەستەی تەمەنی تاکەکانی توێژینەوە بۆ چوار دەستەی تەمەنی دابەشکراون، ئەوانیش دەستەی تەمەنی (30- 39 ساڵ) رێژەی (40%) نموونەکە پێکدەهێنن، ئینجا دەستەی تەمەنی (40- 49 ساڵ) رێژەی (28%) و دەستەی تەمەنی (کەمتر لە 30 ساڵ) رێژەی (18%) نموونەکە پێکدەهێنن و، کۆتا رێژەش (14%) ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان (٥٠ ساڵ و بەسەرەوە).

**جۆری بڕوانامە:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە رێژەی(64%) ئەو مامۆستایانەن کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن، لە بەرامبەردا رێژەی (36%) نموونەکە ئەو مامۆستایانەن کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران. ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زانکۆی کۆییە زانکۆیەکی تازەیە (بە بەراورد لەگەڵ بەشێک لە زانکۆکانی دیکەی هەرێمی کوردستان) و، لە ساڵی (2004) دامەزراوە.

**شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە:** رێژەی (44%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئەو مامۆستایانەن کە بڕوانامەیان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەدەستهێناوە، ئینجا رێژەی (31%) لەو مامۆستایانەن کە بڕوانامەیان لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق بەدەستهێناوە، هەروەها رێژەی (25%) تاکەکانی نموونەکە لەو مامۆستایانەن کە بڕوانامەیان لە شارەکانی دیکەی عێراق بەدەستهێناوە، (واتە جگە لە هەرێمی کوردستان).

**پلەی زانستی:** ڕێژەی (53%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لەو مامۆستایانەن کە پلەی زانستیان (مامۆستای یاریدەدەر)ە، ئینجا ڕێژەی (37%) ئەوانەن کە پلەی زانستیان (مامۆستا)یە، هەرچی ئەو مامۆستایانەی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ن ڕێژەی (8%) نموونەکە پێکدەهێنن، کۆتا ڕێژەش (2%) ئەوانەن پلەی (پرۆفیسۆر) یان هەیە.

**پسپۆڕی:** تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی(58%) لە پسپۆڕی خوێندنی مرۆیی پێکهاتوون، هەرچی خوێندنی زانستیشە ڕێژەی (42%) نموونەکە پێکدەهێنن.

**ساڵانی خزمەتی زانکۆیی:** ڕێژەی (42%) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئەو مامۆستایانەن کە خزمەتی زانکۆییان لە نێوان (6- 10) ساڵی دایە، ئینجا ڕێژەی (30%) لەو مامۆستایانەن کە خزمەتی زانکۆییان لە نێوان (11 ساڵ و بەسەرەوەیە)، هەروەها ڕێژەی (28%) تاکەکانی نموونەکە لەو مامۆستایانەن کە خزمەتی زانکۆییان لە نێوان (1- 5) ساڵی دایە.

**(خشتەی ٢)**

**خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکاتی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو**

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فاکەڵتی | پەروەردە | 40 | %40 |
| | | زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | 18 | %18 |
| | | زانست و تەندروستی | 19 | %19 |
| | | ئەندازیاری | 23 | %23 |
| 2 | ڕەگەز | نێر | 84 | %84 |
| | | مێ | 16 | %16 |
| 3 | تەمەن | کەمتر لە ٣٠ ساڵ | 18 | %18 |
| | | ٣٠- ٣٩ ساڵ | 40 | %40 |
| | | ٤٠- ٤٩ ساڵ | 28 | %28 |
| | | ٥٠ ساڵ و بەسەرەوە | 14 | %14 |
| 4 | جۆری بڕوانامە | ماستەر | 64 | %64 |
| | | دکتۆرا | 36 | %36 |
| 5 | شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە | کوردستان | 44 | %44 |
| | | عێراق | 25 | %25 |
| | | دەرەوەی عێراق | 31 | %31 |
| 6 | پلەی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 53 | %53 |
| | | مامۆستا | 37 | %37 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 8 | %8 |
| | | پرۆفیسۆر | 2 | %2 |
| 7 | پسپۆڕی | خوێندنی مرۆیی | 58 | %58 |
| | | خوێندنی زانستی | 42 | %42 |
| 8 | ساڵانی خزمەتی زانکۆیی | ١- ٥ ساڵ | 28 | %28 |
| | | 6- ١٠ ساڵ | 42 | %42 |
| | | 11 ساڵ و بەسەرەوە | 30 | %30 |
| کۆی نموونە= 100 یەکە | | | | |

**دوو: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم باسە بۆ وەسفکردن بڕگە و پرسیارەکانی توێژینەوەکەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەی راوبۆچوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە، ناوەندی گریمانەکراو، لادانی پێوەری و، ڕێژەی رازیبوون.

سەبارەت بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە، ئەگەر گەورەتر بوو لە ناوەندی گریمانەکراو (3) ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە رازین لەسەر ناوەڕۆکی برگەکە، هەروەها ئەگەر ڕێژەی رازیبوونی هەر برگەیەک گەورەتر بوو لە (60%) ئەوا بەهەمان شێوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە رازین لەسەر ناوەڕۆکی برگەکە. ئەمەش لەسەر ناوەڕۆکی هەموو برگەکانی پرسیارنامەکە جێبەجێ دەبێت.

### 1: بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری

ریزبەندی برگەکانی تەوەری یەکەم (**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری**) لە برگە (١- 5) بەشێوەی گەورە بۆ بچووک لەسەر بنەمای ڕێژەی رازیبوون ریزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی ٣) بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی مامۆستایان بە گرنگییەوە دەڕوانن دڵنیایی جۆری و لایان پەسەندە و بە پێویستی دەزانن، چونکە ڕێژەی رازیبوونی (73.36%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان (3.66) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.10)، ئەمەش ئاماژە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە دەگەیەنێت.

**(خشتەی ٣)**

**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| پ | زۆر لەگەڵیدام ٥ (ژ / %) | لەگەڵیدام 4 (ژ / %) | بۆچوونێکم نییە 3 (ژ / %) | لەگەڵیدا نیم 2 (ژ / %) | هیچ لەگەڵیدا نییم 1 (ژ / %) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی رازیبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | 46 | 41 | 3 | 6 | 4 | 4.19 | 1.03 | %83.8 | ١ |
| 2 | 20 | 54 | 8 | 9 | 9 | 3.67 | 1.16 | %73.4 | ٣ |
| 3 | 20 | 40 | 18 | 16 | 6 | 3.52 | 1.15 | %70.4 | ٤ |
| 4 | 19 | 55 | 10 | 9 | 7 | 3.70 | 1.09 | %74 | ٢ |
| 5 | 10 | 41 | 20 | 23 | 6 | 3.26 | 1.10 | %65.2 | ٥ |
| کۆی گشتی | 23 | 46.2 | 11.8 | 12.6 | 6.4 | 3.66 | 1.10 | %73.36 | |

تێبینی: لەبەرئەوەی کۆی نموونەکە یەکسانە بە (100)، ئەوا ژمارە و ڕێژەی سەدی وەکو یەکە، بۆیە لەسەرەوە تەنها ژمارەکان خراونەتەڕوو.

**سەبارەت بە برگەکانی تەوەرەی یەکەم ئەوا؛** برگەکانی (1) ڕێژەی رازیبوونی (83.8%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (1) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (4.19) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.03)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێزی**)ی ناوەڕۆکی ئەم برگەیەی کە دەڵێت **(هەبوونی دڵنیایی جۆری پێویستییەکی گرنگە، لە دامودەزگا ئەکادیمییەکان).**

بەڵام برگەی (5) ڕێژەی رازیبوونی (65.2%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (5) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (3.26) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.10)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگەیەی کە دەڵێت (**دڵنیایی جۆری کاریگەری هەبووە لەسەر چالاککردنی سیستمی بەڕێوەبردنی زانکۆکان**).

هەروەها برگەکانی (4، 2، 3) ڕێژەی رازیبوونیان (74%، 73.4%، 70.4%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (٣، ٤، ٥)یان سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی

سەنگکراوی هەر سێ برگەکە (3.70، 3.67، 3.52) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.09، 1.15، 1.16)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە.

لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پرۆسەی دڵنیایی جۆری جێگەی خۆی گرتووە و مامۆستایانی زانکۆ بەگشتی لێی ڕازین و بە بایەخەوە لێی دەڕوانن و بوونی بە گرنگ دەزانن.

**2: بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و ڕۆشنی دڵنیایی جۆری**

ڕیزبەندی برگەکانی تەوەری دووەم (**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و ڕۆشنی دڵنیایی جۆری**) لە برگە (6- 11) بەشێوەی گەورە بۆ بچووک لەسەر بنەمای ڕێژەی ڕازیبوون ڕیزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی ٤) بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی مامۆستایان تا ئاستێکی مامناوەند ڕازین لە زانکۆی کۆیە سەبارە بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و ڕۆشنی دڵنیایی جۆری، چونکە ڕێژەی ڕازیبوونی (56.56%) و بچووکترە لە ڕێژەی (60%)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان (2.83) و بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.15)، ئەمەش ئاماژە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە دەگەیەنێت.

**(خشتەی ٤)**

**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و ڕۆشنی دڵنیایی جۆری لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| پ | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بۆچوونێکم نییە | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نییم | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ڕێژەی ڕازیبوون | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٥ | | 4 | | 3 | | 2 | | 1 | | | | | |
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | | |
| 6 | 5 | | 22 | | 29 | | 26 | | 18 | | 2.70 | 1.15 | %54 | ٤ |
| 7 | 20 | | 41 | | 7 | | 22 | | 10 | | 3.39 | 1.30 | %67.8 | ١ |
| 8 | 2 | | 24 | | 16 | | 32 | | 26 | | 2.44 | 1.17 | %48.8 | ٦ |
| 9 | 2 | | 20 | | 30 | | 30 | | 18 | | 2.58 | 1.06 | %51.6 | ٥ |
| 10 | 10 | | 25 | | 32 | | 22 | | 11 | | 3.01 | 1.15 | %60.2 | ٢ |
| 11 | 2 | | 31 | | 28 | | 28 | | 11 | | 2.85 | 1.04 | %57 | ٣ |
| کۆی گشتی | 6.83 | | 27.16 | | 23.67 | | 26.67 | | 15.67 | | 2.83 | 1.15 | %56.56 | |

**سەبارەت بە برگەکانی تەوەرەی دووەم ئەوا؛** برگەکانی (٧ و 10) ڕێژەی ڕازیبوونیان (67.8%، 60.2%) و گەورەترە لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (1 و ٢)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەردوو برگەکە (3.39، 3.01) گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.30، 1.15)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە، **(زانکۆ بەشێوەیەکی ڕوون هەوڵیداوە مامۆستایانی هۆشیار بکاتەوە سەبارەتی بە بابەتی دڵنیایی جۆری،** هەروەها **ویست و ئیرادەیەکی بەهێز لای سەرکردە بەڕێوەبردنیەکانی زانکۆ هەیە سەبارەت بە دانانی پلانی ئیستراتیژی بۆ دڵنیایی جۆری).**

بەڵام هەرچی برگەکانی (11، 6) ڕێژەی ڕازیبوونیان (57%، 54%) و بچووکترن لە ڕێژەی (60%)، ڕیزبەندی (٣، ٤)یان سەبارەت بە ڕێژەی ڕازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەردوو برگەکە (2.85، 2.70) و بچووکترن لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.04، 1.15)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە. واتە مامۆستایان پێیانوایە تا ئاستێکی مامناوەند گرووتین لای سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان هەیە،

سەبارەت بە سیستمی دڵنیایی جۆری، هەربۆیەشە مامۆستایان پێیانوایە زانکۆ تا ئاستێکی مامناوەند توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەم سیستمە جێبەجێ بکات.

هەروەها برگەکانی (9، 8) رێژەی رازیبوونیان (51.6%، 48.8%) و بچووکترن لە رێژەی (60%)، ریزبەندی (5، 6)یان سەبارەت بە رێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەردوو برگەکە (2.58، 2.44) و بچووکترن لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.06، 1.17)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**لاواز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرۆکایەتی و بەرپرسە بەرێوەبردنیەکانی زانکۆی کۆیە، پلانێکی روون و ئاشکرایان بۆ کردنەوەی کۆمەڵێک خولی زانستی لەبارەی دڵنیایی جۆری نییە، هەروەها گرنگی زۆر بە بۆچوون و بیروڕاکانی مامۆستایان نادەن، سەبارەت بە چاککترکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاریی فێرکاری.

### 3: بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

ریزبەندی برگەکانی تەوەری سێیەم (**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن**) لە برگە (12- 16) بەشێوەی گەورە بۆ بچووک لەسەر بنەمای رێژەی رازیبوون ریزبەند کراوە. هەروەکو لە (خشتەی ٥) بۆمان دەردەکەوێت، بەگشتی مامۆستایان تا ئاستێکی مامناوەند رازین لە زانکۆی کۆیە سەبارە بە چۆنییەتی جێبەجێکردن و رۆشنی دڵنیایی جۆری، چونکە رێژەی رازیبوونی (57.2%) و بچووکترە لە رێژەی (60%)، ، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگەکان (2.86) و بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.13)، ئەمەش ئاماژە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو تەوەرەیە دەگەیەنێت.

**(خشتەی ٥)**

**بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| پ | زۆر لەگەڵیدام ٥ (ژ / %) | لەگەڵیدام 4 (ژ / %) | بۆچوونێکم نییە 3 (ژ / %) | لەگەڵیدا نیم 2 (ژ / %) | هیچ لەگەڵیدا نییم 1 (ژ / %) | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | رێژەی رازیبوون | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 12 | 1 | 21 | 16 | 38 | 24 | 2.37 | 1.09 | %47.4 | ٥ |
| 13 | 4 | 29 | 17 | 36 | 14 | 2.73 | 1.14 | %54.6 | ٣ |
| 14 | 11 | 44 | 27 | 12 | 6 | 3.42 | 1.03 | %68.4 | ١ |
| 15 | 10 | 44 | 17 | 15 | 14 | 3.21 | 1.23 | %64.2 | ٢ |
| 16 | 5 | 23 | 18 | 32 | 22 | 2.57 | 1.20 | %51.4 | ٤ |
| کۆی گشتی | 6.2 | 32.2 | 19 | 26.6 | 16 | 2.86 | 1.13 | %57.2 | |

**سەبارەت بە برگەکانی تەوەرەی سێیەم ئەوا؛** برگەی (14) رێژەی رازیبوونی (68.4%) و گەورەترە لە رێژەی (60%)، ریزبەندی (1) سەبارەت بە رێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (3.42) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.03)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**بەهێز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگەی کە دەڵێت (**زانستخوازی بەردەوام ئامرازێکی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتەکانی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکان**).

هەروەها برگەی (15) رێژەی رازیبوونی (64.2%) و گەورەترە لە رێژەی (60%)، ریزبەندی (2) سەبارەت بە رێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (3.21) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.23)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگەیەی کە دەڵێت (**هەگبەی مامۆستا ئامرازێکی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکی زانستی لە بواری پێشکەوتنی ئەکادیمی مامۆستا**).

بەڵام هەرچی برگەی (13) ڕێژەی رازیبوونی (54.6%) و بچووکترە لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (3) سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی برگە (2.73) و بچووکترە لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.14)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**مامناوەند**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگەیەی کە دەڵێت (**ئامرازی روون و سەرنجراکێش هەیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکان**)

بەڵام هەرچی برگەکانی (12، 16) ڕێژەی رازیبوونیان (51.4%، 47.4%) و بچووکترن لە ڕێژەی (60%)، ریزبەندی (٤، ٥)یان سەبارەت بە ڕێژەی رازیبوون لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوی هەردوو برگەکە (2.57، 2.37) و بچووکترن لە ناوەندی گریمانەکراو (3)، بە لادانی پێوەری (1.20، 1.09)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (**لاواز**)ی ناوەڕۆکی ئەو برگانە. واتە مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بەگشتی لە ئێستادا رازی نین لە شێوازی جێبەجێکردنی سیستمی دڵنیایی جۆری بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی زانکۆ، بە تایبەتی نارازین لە فۆرمی هەڵسەنگاندنی کۆرس لەلایەن قوتابیانەوە، پێیانوانە قوتابیان بەشێوەیەکی درووست هەڵسەنگاندن بۆ کۆرسبووکی پێشکەشکراو ناکەن.

### 3: جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان

ئامانجی ئەم باسە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی جیاوازی نێوان تاکەکانی نموونەیە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە (فاکەڵتی، رەگەز، تەمەن، جۆری بڕوانامە، شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە، پلەی زانستی، پسپۆری و ساڵانی خزمەتی زانکۆیی) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانی وەکو تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (اختبار (ت) لعینتین مستقلتین- Independent Simple T.test) و تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (ف) (اختبار التباین الاحادی- One way ANOVA)، لە ئاستی ئاماژەداری (0.050). ئەمەش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت ((**جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان هەیە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**(خشتەی ٦)**

**جیاوازی نێوان تاکەکاتی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**

| ر | گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) و (ف) دەرهێنراو | بەهای (ت) و (ف) خشتەیی | مانا داری | ئاستی ئاماژەدار لە 0.050 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | فاکەڵتی | پەروەردە | 40 | 48.47 | 11.65 | F= 1.508 | 2.699 | 0.217 | ئاماژەدار نییە |
| | | زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان | 18 | 51.33 | 11.99 | | | | |
| | | زانست و تەندروستی | 19 | 46.47 | 10.05 | | | | |
| | | ئەندازیاری | 23 | 52.82 | 8.73 | | | | |
| 2 | رەگەز | نێر | 84 | 50 | 10.89 | T=0.818 | 1.984 | 0.747 | ئاماژەدار نییە |
| | | مێ | 16 | 47.56 | 11.07 | | | | |
| 3 | تەمەن | کەمتر لە ٣٠ ساڵ | 18 | 50.27 | 10.72 | F= 1.539 | 2.699 | 0.209 | ئاماژەدار نییە |
| | | ٣٠- ٣٩ ساڵ | 40 | 51.02 | 12.46 | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٤٠- ٤٩ ساڵ | 28 | 45.96 | 8.41 | | | | |
| | | ٥٠ ساڵ و بەسەرەوە | 14 | 52 | 10 | | | | |
| 4 | جۆری بڕوانامە | ماستەر | 64 | 51.09 | 11.22 | T= 1.836 | 1.984 | 0.435 | ئاماژەدار نییە |
| | | دکتۆرا | 36 | 46.97 | 9.90 | | | | |
| 5 | شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە | کوردستان | 44 | 47.93 | 11.97 | F= 3.112 | 3.090 | 0.049 | ئاماژەدارە |
| | | عێراق | 25 | 47.64 | 9.11 | | | | |
| | | دەرەوەی عێراق | 31 | 53.58 | 9.82 | | | | |
| 6 | پلەی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 53 | 52.13 | 10.97 | F= 2.706 | 2.699 | 0.049 | ئاماژەدارە |
| | | مامۆستا | 37 | 46.51 | 10.91 | | | | |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 8 | 49.87 | 6.24 | | | | |
| | | پرۆفیسۆر | 2 | 39 | 5.65 | | | | |
| 7 | پسپۆڕی | خوێندنی مرۆیی | 58 | 49.36 | 11.73 | T= 0.266 | 1.984 | 0.529 | ئاماژەدار نییە |
| | | خوێندنی زانستی | 42 | 49.95 | 9.77 | | | | |
| 8 | ساڵانی خزمەت | ١- ٥ ساڵ | 28 | 50.39 | 10.70 | F=0.182 | 3.090 | 0.834 | ئاماژەدار نییە |
| | | 6- ١٠ ساڵ | 42 | 48.85 | 10.57 | | | | |
| | | 11 ساڵ و بەسەرەوە | 30 | 49.93 | 11.80 | | | | |

**ئەنجامەکانی (خشتەی ٦) پیشانی دەدات، کە:**

**فاکەڵتی:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی فاکەڵتی (پەروەردە، زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانست و تەندروستی و، ئەندازیاری) نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (1.508) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.699) لە ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی فاکەڵتی بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە رەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان مامۆستایانی هەر چوار فاکەڵتی زانکۆی کۆیە نییە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**رەگەز:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی رەگەز (نێر و مێ) نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (0.818) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.984) بە نمرەی ئازی (99) و ئاستی ئاماژەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی رەگەز بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە رەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان رەگەزی نێر و مێ نییە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**تەمەن:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن (کەمتر لە ٣٠ ساڵ، ٣٠- ٣٩ ساڵ، ٤٠- ٤٩ ساڵ و ٥٠ ساڵ و بەسەرەوە) نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (1.539) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.699) لە ئاستی ئامازەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی تەمەن بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئامازەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە رەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان تەمەنە جیاوازەکان نییە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**جۆری بڕوانامە:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە (ماستەر و دکتۆرا) نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (1.836) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.984) بە نمرەی ئازی (99) و ئاستی ئامازەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئامازەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە رەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا نییە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە (کوردستان، عێراق و دەرەوەی عێراق) هەیە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (3.112) گەورەترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (3.090) لە ئاستی ئامازەداری (0.050)، جیاوازیەکەش بۆ ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە کە لە دەرەوەی عێراق بڕوانامەیان بەدەستهێناوە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ئەو دەستەیە لە سێ دەستەکەی دیکە گەرەترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو مامۆستایانەی کە لە دەرەوەی عێراق بڕوانامەیان بەدەستهێناوە زیاتر ئاشنان بەم پرۆسەیە و، زووتر لە وڵاتانی دیکەی دەرەوەی عێراق جێبەجێ کراوە. هەروەها بەو هۆیەشەوە گریمانەی سفری رەتدەکرێتەوە و گریمانەی توێژینەوە وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە هەیە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**پلەی زانستی:** جیاوازییەکی ئامازەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر و، پرۆفیسۆر) هەیە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (2.706) گەورەترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.699) لە ئاستی ئامازەداری (0.050)، جیاوازیەکەش بۆ ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە، کە پلەی زانستی مامۆستایی یاریدەدەریان هەیە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ئەو دەستەیە لە سێ دەستەکەی دیکە گەرەترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو مامۆستایانەی کە پلەی زانستی مامۆستای یاریدەدەریان هەیە تەمەنیان گەنجترە و زووتر توانای گونجانیان لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان هەیە. هەروەها بەو هۆیەشەوە گریمانەی سفری رەتدەکرێتەوە و گریمانەی توێژینەوە وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**جیاوازی لە نێوان مامۆستایانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوی پلەی زانستی هەیە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**پسپۆری:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی پسپۆری (خوێندنی مرۆیی و خوێندنی زانستی) نییە، چونکە بەهای (ت)ی دەرهێنراو (0.266) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.984) بە نمرەی ئازی (99) و ئاستی ئامازەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی پسپۆڕی بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئامازەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە رەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان مامۆستایانی پسپۆڕی مرۆیی و زانستی نییە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

**ساڵانی خزمەتی زانکۆیی:** جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەتی زانکۆیی (1- 5 ساڵی، 6- 10 ساڵی و (11) ساڵ و بەسەرەوە) نییە، چونکە بەهای (ف)ی دەرهێنراو (0.182) بچووکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (3.090) لە ئاستی ئامازەداری (0.050)، سەرەرای بوونی جیاوازی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەتی زانکۆیی بەڵام نەگەیشتوونەتە ئاستی ئامازەداری ئاماری، بەمەش گریمانەی توێژینەوە رەتدەکرێتەوە و گریمانەی سفری وەردەگیرێت، کە دەڵێت ((**هیچ جیاوازییەک لە نێوان ساڵانی خزمەتی زانکۆیی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە نییە، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری**)).

### 4: **پێوانەکردنی بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و تەوەرەکانی**

لە (خشتەی ٧) بۆمان دەردەکەوێت، کە بە گشتی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەگەڵ پرۆسەی دڵنیایی جۆری نین و لێی نارازاین، چونکە بە های تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەک نموونە (اختبار (ت) لعینە واحدە- One Sample T.test)ی هەموو بڕگەکانی پرسیارنامەکە (واتە هەر 16 بڕگە بەیەکەوە) (1.477) بچووکترە لە بەهای (ت)ی خشتەیی (1.986)، لە ئاستی

ئامارژەداری ئاماری (0.05) و نمرەی ئازادی (99). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بەگشتی لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەوشێوەیەی کە لە ئێستادا جێبەجێ دەکرێت نارازین.

**(خشتەی ٧)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی(ت)ی بۆ یەک نموونە، بۆ پێوانەکردنی جیاوازی نێوان ناوەندی بەدەستهاتوو و ناوەندی گریمانەکراو بۆ پرسیارنامەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری**

| پرسیارنامە | ناوەندی بەدەستهاتوو | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەکراو | بەها (ت)ی | | ئاستی ئامارژەداری ئاماری لە 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەدەستهێنراو | خشتەیی | |
| **پرۆسەی دڵنیایی جۆری** | 49.61 | 10.90 | 48 | 1.477 | 1.984 | ئامارژەدار نییە |
| **کۆی نموونە= 100** | | | **نمرەی ئازادی= 99** | | | |

**دوازدەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە**

**1: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی یەکەم**

لەم ئامانجەدا هەوڵدراوە بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بزانرێت لەبارەی (گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری، زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان بۆ چۆنییەتی جێبەجێکردن و ڕۆشنی دڵنیایی جۆری، ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن).

بەگشتی لە ئێستادا مامۆستایانی زانکۆی کۆیە لەگەڵ پرۆسەی دڵنیایی جۆری نین و بەتایبەتی لە ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ناڕازین، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیەی لای خوارەوەن:

١- سەبارەت بە گرنگی و پێویستی دڵنیایی جۆری، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی ڕازیبوونی (83.8%) بە گرنگییەوە دەڕواننە دڵنیایی جۆری و لایان پەسەندە و بە پێویستی دەزانن، پێیانوایە لە دامودەزگا ئەکادیمییەکان بوونی دڵنیایی جۆری پێویستییەکی گرنگە، بەڵام پێیانوایە تا ئاستێکی مامناوەند دڵنیایی جۆری کاریگەری لەسەر چالاککردنی سیستمی بەڕێوەبردنی زانکۆکان هەبووە.

٢- سەبارەت بە بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی زانکۆ و سەرکردە بەڕێوەبردنیەکان بۆ چۆنییەتی جێبەجێکردن و ڕۆشنی دڵنیایی جۆری، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ئاستێکی مامناوەند پێیانوایە زانکۆ بەشێوەیەکی ڕوون هەوڵیداوە مامۆستایانی هۆشیار بکاتەوە و، ویست و ئیرادەیەکی بەهێزیش لای سەرکردە بەڕێوەبردنیەکانی زانکۆ هەیە، سەبارەت بە دانانی پلانی ئیستراتیژی بۆ چۆنییەتی جێبەجێکردنی دڵنیایی جۆری، بەڵام تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە سەرۆکایەتی و بەرپرسە بەڕێوەبردنیەکانی زانکۆی کۆیە، پلانێکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ کردنەوەی کۆمەڵێک خولی زانستی لەبارەی دڵنیایی جۆری نییە، هەروەها گرنگی زۆر بە بۆچوون و بیروڕاکانی مامۆستایان نادەن، سەبارەت بە چاککترکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاریی فێرکاری.

٣- سەبارەت بە بۆچوونی مامۆستایان لەبارەی ئامراز و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن، ئەوا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە زانستخوازی بەردەوام ئامرازێکی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهاتەکانی دڵنیایی جۆری، هەروەها هەگبەی مامۆستا بە ئامرازێکی گونجاون دەزانن بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکی زانستی لە بواری پێشکەوتنی ئەکادیمی مامۆستا، بەڵام مامۆستایانی زانکۆی کۆیە بەگشتی لە ئێستادا ڕازی نین لە شێوازی جێبەجێکردنی سیستمی دڵنیایی جۆری بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی زانکۆ، بەتایبەتی نارازین لە فۆرمی هەڵسەنگاندنی کۆرس (فیدباک) لەلایەن قوتابیانەوە.

**2: ئەنجامەکانی تایبەت بە ئامانجی دووەم**

لە ئامانجی دووەمدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە دەڵێت (ئایا جیاوازی لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوەکان هەیە؟، سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری). ئەوا دەرکەوتووە:

1- هیچ جیاوازییەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی (فاکەڵتی، رەگەز، تەمەن، جۆری بڕوانامە، پسپۆری و، ساڵانی خزمەتی زانکۆیی) سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری نییە.

2- بەڵام جیاوازی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان تاکەکانی نموونە بەپێی گۆڕاوەکانی (پلەی زانستی و شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە) سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری هەیە، ئەویش بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

- گۆڕاوی پلەی زانستی، جیاوازییەکە بۆ ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە، کە پلەی زانستی مامۆستایی یاریدەدەریان هەیە، واتە ئەوان لە ئێستادا زیاتر لەگەڵ پرۆسەی دڵنیایی جۆرین.

- گۆڕاوی شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە، جیاوازییەکە بۆ ئەو مامۆستایانە دەگەڕێتەوە، کە لە دەرەوەی عێراق بڕوانامەیان بەدەستهێناوە.

### سێزدەم: راسپاردەکانی توێژینەوە

1- هەوڵبدات زیاتر خولی زانستی و راهێنان لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بکاتەوە، بۆئەوەی مامۆستایان زیاتر ئاشنابن بەم پرۆسەیە و زانیاریی زیاتریان لەبارەیەوە هەبێت.

2- گرنگیدان بە بۆچوون و بیروڕاکانی مامۆستایانی زانکۆ، سەبارەت بە چاککترکردن و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاریی فێرکاری، ئەمەش لەرێگەی پێکهێنانی لیژنەیەک لە هەر فاکەڵتییەک بۆ گەیاندنی بۆچوون و بیروڕاکانی مامۆستایان.

3- هەروەها دڵنیایی بدات بە مامۆستایان، لەرێگەی زیاتر هۆشیارکردنەوەی قوتابیان بۆ ئەوەی مامۆستایان گلەییان لە فۆرمی هەڵسەنگاندنی کۆرس لەلایەن قوتابیانەوە نەمێنێت.

4- هوڵبدرێت ئەو رێککارییەی لە ئێستادا لە زانکۆدا پەیڕەوی لێدەکرێت سادەتر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی مامۆستایان رازی بن لە شێوازی جێبەجێکردنی سیستمی دڵنیایی جۆری، ئەمەش بە دانانی کەسێکی شارەزا لە بواری ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر لە بەشی دڵنیایی جۆری هەر فاکەڵتییەک، بۆ ئەوەی یارمەتی مامۆستایان بدات لە چۆنییەتی فیدباک و دانانی سیمینار لە سایتی تایبەت بەخۆی.

### چواردەم: پێشنیازەکانی توێژینەوە

١- لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە تەنها بۆچوونی مامۆستایانی وەرگرتووە، ئەوا توێژینەوەی دیکە بکرێت لەسەر قوتابیان و بۆچوونیان لەبارەی ئەم پرۆسەیە وەربگیرێت، بزانرێت ئایا چەندە ئەم پرۆسەیە بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان و کوالێتی خوێندن لە زانکۆکاندا.

٢- توێژینەوەی دیکەی هاوشێوە لەسەر زانکۆکانی دیکەی هەرێم ئەنجام بدرێت، بۆئەوەی بۆچوونی مامۆستایانی ئەو زانکۆیانە لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بزانرێت و، بەراوورد بکرێت بەم توێژینەوەیە، تا خاڵە لێکچوو جیاوازەکان بخرێنەڕوو.

**لیستی سەرچاوەکان**

1- البامرني، توفيق رشيد فواد، 2006. تأثير أبعاد رأس المال الفكري في تحسين جودة الخدمة التعليمية، جامعه دهوك، كلية الادارة والاقتصاد، رساله ماجستير غير منشورة.
2- برينان و شاه، جون و تارلا، 2007. إدارة الجودة في التعليم العالي، ترجمه: د. دلال بنت منزل النصير. السعودية: معهد الإدارة العامة.
3- البهواش، السيد عبدالعزيز، 2007. معجم مصطلحات الاعتماد وضمان الجودة في التعليم العالي. القاهرة: عالم الكتب.
4- جامعه بابل العراق، وفق معايير اتحاد الجامعات العربية ضمان الجودة والاعتماد الاكاديمي للجامعات العراقية، حرر بواسطة قسم ضمان الجودة والاداء، تاريخ نشر الاصدار، 2012/3/6.
5- الحاتم، عبدالهادي رشخ مراح، 1998، العلاقة بين الترتيب الداخلي وجودة الخدمة، جامعة بغداد، كلية الادارة والاقتصاد، رساله ماجستير غير منشورة.
6- حمەدرويش، سامان توفيق، 2012. أهمية التخطيط الاستراتيجي، والجودة الشاملة في تطوير التعليم الجامعي، جامعة السليمانية نموذجاً، جامعة النيلين دولة سودان كلية الدراسات العليا، قسم علم الاجتماع، رسالة ماجستير غير منشورة.
7- الخولي، أيمن محمد عبدالفتاح، 2001. اصول التعليم رؤية مستقبلية لتطوير التعليم في القرن الحادي والعشرين. بيروت: دار الراتب الجامعية.
8- خيري، السيد محمد، 1997. الاحصاء النفسي. القاهرة: دار الفكر العربي.
9- ذياب، اسماعيل، 1997. ورقة عمل حول مشروع خطه مقترحة لتطبيق نظام الجودة في المجال التعليمي، مؤتمر إدارة الجودة الشاملة في تطوير التعليم الجامعي، كلية التجارة، جامعة الزقازيق، مصر، 11-12، مايو.
10- سعيد، بهات عبدالرزاق، 2014. معرفة المستويات المهارية في القاء المحاضرات ومعرفة الفرق بين محاور تلك الامكانيات أو المهارات التدريسية (التخطيط، التنفيذ، التقييم) ومعرفة توجهات اساتذة الجامعة حول عملية الضمان الجودة ومعرفة العلاقة بين محاور التدريس وامكانيته في عملية الضمان النوعي عند اساتذة جامعة كوية، جامعة كوية، فاكلتي التربية، رساله ماجستير غير منشورة.
11- شفيق، محمد، 2008. البحث العلمي (الأسس- الأعداد). الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.
12- الصيرفي، محمد عبدالفتاح حافظ، 2008. البحث العلمي -دليل التطبيقي للباحثين-. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.
13- العزاوي، رحيم يونس كرو، 2008. المنهل في العلوم التربوية "القياس والتقويم في العملية التدريسية". عمان: دار دجلة ناشرون وموزعون.
14- العسكري، عبود عبدالله، 2007. منهجية البحث العلمي في علوم الإنسانية، ط2. دمشق: دار النمير.
15- عقيل، عقيل حسين، 2010. قواعد المنهج وطرق البحث العلمي. دمشق: دار ابن كثير للطباعة والنشر والتوزيع.
16- عقيل، عقيل حسين، 1999. فلسفة مناهج البحث العلمي. القاهرة: مكتبة مدبولي.
17- عليمان، صالح ناصر، 2004. إداره الجودة الشاملة في المؤسسات التربوية. عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع.
18- عوض، عباس محمود، 1999. علم النفس الاحصائي. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
19- گراوتر و فؤرزانو ، فريدريک جی و لوری ان بی، ۲۰۱۱. روشهای تحقيق برای علوم رفتاری، ترجمه اکبر رضائی، ويرايش سوم. تهران: انتشارات فروزش.
20- محجوب، بسمان فيصل، 2003. إدارة الجامعات العربية في ضوء المواصفات العالمية. عمان: منشورات المنظمة العربية لتنمية الإدارية.
21- المحياوي، قاسم نايف علوان، 2006. إدارة الجودة في الخدمات، عمان: دار الشرق للنشر والتوزيع.
22- مرسي، محمد منير، 1984. الادارة التعليمية اصولها وتطبيقاتها. القاهرة: عالم الكتب.
23- معلا، ناجي ذيب، 1998، "قياس جودة الخدمات المصرفية التي تقدمها المصارف التجارية في الاردن، دراسة ميدانية"، مجلة دراسات العلوم الادارية، المجلد 25، العدد 2، تموز.
24- مغلي و سلامة، سمير ابو و عبدالحافض، 2002. القياس والتشخيص في التربية الخاصة. عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.
25- ملحم، سامي محمد، 2002. القياس والتقويم في التربية وعلم النفس. ط٢. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
26- المنيزل و غرايبة، عبدالله فلاح و عايش موسى، 2006. الاحصاء التربوي –تطبيقات باستخدام الرزم الاحصائية للعلوم الاجتماعية-. عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.
27- يوسف، يسري السيد، 2002. "مبادىء ادارة الجودة الشاملة، مدخل لتحسين جودة اداء الخدمات الصحية، دراسة تطبيقية"، مجلة البحوث التجارية، مجلد 24، عدد 1، القاهرة.
28- غفور، عبدالله، 2002. فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
29- (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان و ئامار، ژمارەی مامۆستایان بۆ ساڵی خوێندنی 2013-2014، 16/ 12/ 2014)
30- (ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین، 25/ 12 / 2014)
31- (لشکری، حیدر، بەرپرسی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە، ئاماری ژمارەی مامۆستایان بەپێی فاکەڵتی، 15/ 2/ 2015)
32- Dilworth, James, 1987. Production and operations Management, 4th.ed. Singapore: I grow Chill In-.
33- Evans, R. James, 1997. Production and operation management quality: performance and value, 5th ed. west publishing co.
34- Link, R.D., 1995. I'm poring Quality assurance in Aestivation higher Education, Void. 7, no, 1, March.
35- Baum, Arinand Feign, 1986. Total Quality Control, Megan-Hill. New York.
36- Deming, Edwards. 1982. Ian provident of Quality and productivity review winter.
37- Michal, Milakorech, 1991. Total Quality managemeant in the public sector national/ productivity review.
38- Hazzard, T., (1993), The Strengths and weak nesses of total Quality management in higher Education, new direction for institutional research, no.71. TQ. M in higher Education.

**پاشکۆی (1): فۆرمی راپرسی**

[redacted]

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی** — **ژمارەی فۆرم** ..........
**زانکۆی کۆیە** — **شوێن** ..........
**فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان**
**سکوڵی زانستە کۆمەڵایەتییەکان** — **رێکەوت** ..........
**بەشی کۆمەڵناسی**

.................................................................................................................................

**مامۆستایانی بەڕێز.........**

ئەم فۆرمەی لەبەردەستی بەڕێزتاندایە ئامادەکراوە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەبارەی **(بۆچوونی مامۆستایانی زانکۆ لەبارەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی کۆیە)**، لەم بارەیەوە رای بەڕێزتان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

**هاوکاریتان شیاوی رێز و پێزانینە**

**م. میران محمد صالح- زانکۆی سۆران**

**م. ی. هەردی زیاد صالح- زانکۆی کۆیە**

.................................................................................................................................

**یەکەم: زانیارییە گشتییەکان**

١- **جێندەر** پیاو ☐ ئافرەت ☐

٢- **تەمەن:** کەمتر لە 30 ساڵ ☐ ٣٠- 39 ساڵ ☐ 40- 49 ساڵ ☐ 50 ساڵ و بەسەرەوە ☐

٣- **جۆری بڕوانەمە:** ماستەر ☐ دکتۆرا ☐

٤- **شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامە:** کوردستان ☐ عێراق ☐ دەرەوەی عێراق ☐

٥- **پلەی زانستی:** مامۆستای یاریدەدەر ☐ مامۆستا ☐ پرۆفیسۆری یاریدەدەر ☐ پرۆفیسۆر ☐

٦- **پسپۆڕی:** خوێندنی مرۆیی ☐ خوێندنی زانستی ☐

٧- **ساڵانی خزمەتی زانکۆیی:** .................. ساڵ.

**دووەم: زانیارییە تایبەتییەکان**

| ر | پرسیارەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بۆچوونێکم نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەبوونی دڵنیایی جۆری پێویستییەکی گرنگە، لە دامودەزگا ئەکادیمییەکان | | | | | |
| 2 | چەمکی دڵنیایی جۆری جێگای گرنگیپێدانە لە سیستمی فێرکاری زانکۆیی | | | | | |
| 3 | بوونی دڵنیایی جۆری کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر پێوەرەکانی کوالێتی خوێندن | | | | | |
| 4 | پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەشدار بووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆکان | | | | | |
| 5 | دڵنیایی جۆری کاریگەری هەبووە لەسەر چالاککردنی سیستمی بەڕێوەبردنی زانکۆکان | | | | | |
| 6 | زانکۆ سیستمی دڵنیایی جۆری بە شێوەیەکی سەرکەوتوو جێبەجێ کردووە | | | | | |
| 7 | زانکۆ هەوڵدەدات بۆ وشیارکردنەوەی کارمەندانی | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | زانکـۆیی سـەبارەت بە بـابەتی دڵنیـای جـۆری بەشێوەیەکی روون | | | | | |
| 8 | زانکـــۆ گرنگـــی دەدات بە بیـــرورا و بۆچـــوونی مامۆستا چاکەکان بە ئامانجی چاککردنی کوالێتی خزمەتگوزاریی فێرکاری | | | | | |
| 9 | لەلایەن زانکۆوە پلانێک بۆ کردنەوەی کۆمەڵێک خولی زانستی بەپێی پسپۆرییەکان هەیە لەبارەی دڵنیایی جۆری بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا | | | | | |
| 10 | ویســـت و ئیرادەیەکـــی بەهێـــز لای ســـەرکردە بەڕێوەبردنیەکانی زانکۆ هەیە سەبارەت بە دانانی پلانی ئیستراتیژی بۆ دڵنیایی جۆری | | | | | |
| 11 | گـــــرووتین و چـــــالاکی لای ســـــەرکردە بەڕێوەبردنیەکـانی زانکـۆ دەبینرێـت لە بـواری سیستمی دڵنیایی جۆری | | | | | |
| 12 | لە ئێستادا رازییم لەسەر شێوازی جێبەجێکردنی سیستمی دڵنیایی بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی زانکۆ | | | | | |
| 13 | ئـــامرازی روون و ســـەرنجراکێش هەیە بـــۆ جێبەجێکردنـــی پرۆســـەی دڵنیـــایی جـــۆری لە زانکۆکان | | | | | |
| 14 | زانســـتخوازی بەردەوام ئـامرازێکی گونجـاوە بـۆ هەڵسـەنگاندنی پێکهاتەکـانی دڵنیـایی جـۆری لە زانکۆکان | | | | | |
| 15 | هەگـــبەی مامۆســـتا ئـــامرازێکی گونجـــاوە بـــۆ هەڵســـەنگاندنی چـــالاکی زانســـتی لە بـــواری پێشکەوتنی ئەکادیمی مامۆستا | | | | | |
| 16 | فۆرمی هەڵسەنگاندنی کۆرس لەلایەن قوتابیـانەوە (فیدباک)، ئامرازێکی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆرس بووکی پێشکەشکراو لەلایەن مامۆستایانەوە | | | | | |

**پاشکۆی (٢): بۆچوونی پسپۆران سەبارەت**

**بە راستێتی ئامرازی پێوانەکردن بۆ برگەکانی فۆرمی راپرسییەکە روونەدەکاتەوە**

| ژ | ناوی پسپۆران | ژمارەی برگە دروستەکان | ژمارەی برگە نادروستەکان | ناوی برگە نادروستەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د. طاهر حسو میر زێباری/ کۆمەڵناسی/ زانکۆی سەلاحەددین | ١٨ | 0 | - |
| 2 | پ. ی. د. قیس کاکل/ کوردی/ زانکۆی سۆران | ١٧ | ١ | ٤ |
| 3 | پ.ی.د. ولاء جودت/ بەڕێوەبردن و ئابووری/ زانکۆی کۆیە | ١٥ | ٣ | ٦، ٩، ١٠ |
| 4 | پ.ی.د. بدرخان مصطفی/ دەروونزانی/ زانکۆی کۆیە | ١٨ | 0 | - |
| 5 | پ.ی.د. ئازاد عەلی اسماعیل/ دەروونزانی/ زانکۆی کۆیە | ١٦ | ٢ | ٦، ١٣ |
| 6 | د. جبار احمد عبدالرحمن / دەروونزانی/ زانکۆی کۆیە | ١٦ | ٢ | ٨، ٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 7 | د. کاوە علی/ دەروونزانی/ زانکۆی کۆیە | ١٢ | ٦ | ٥، ٧، ٨، ١٢، ١٥، ١٨ |
| | کۆی گشتی | ١١٢ | ١٤ | ١٤ |

کۆی گشتی برگەکانی هەر فۆرمێک = (١٨) برگە، ژمارەی پسپۆران (7) پسپۆر

کۆی گشتی بڕگەکان = ژمارەی برگەکانی فۆرمەکە × ژمارەی پسپۆرەکان

= ١٨ × 7 = ١٢٦

**ژمارەی برگە دروستەکان = ١١٢ ، ژمارەی برگە نادروستەکان= ١٤**

**راستێتی گشتی فۆرم = کۆی گشتی برگە دروستەکان ÷ ژمارەی برگەکانی ئامراز × 100**

= ١١٢ ÷ ١٢٦ × 100 = ٨٨.٨٨ % راستێتی ئامرازی پێوانەکردن

**<u>پاشکۆی (٣)</u>**

**تاقیکردنەوەی جێگیریی پێوەریی بەرێگەی ئەلفا کرونباخ**

**بۆ هەر (16) برگەی پرسیارنامەی توێژینەوەکە**

| Cronbach's Alpha | N of Items |
|---|---|
| 0.881 | 16 |

**أراء مدرسى الجامعة حول عملية ضمان الجودة**

**(دراسة ميدانية في جامعة كوية)**

ان تحسين ظروف التعليم على مدى مراحل التعليم و كيفية التعلم ضرورة ملحة، وذلك لاننا نواجه بدايات الالفية الثالثة للتطورات السريعة، سواء كانت هذه التطورات على مستوى التطور الصناعي او تطور التعليم. هذا و ثورة التكنلوجيا المعلومات و تاثيرها على العملية التعليمية، ايضا نتائجها على زيادة المنافسة القوية بين المؤسسات التربوية العالمية. تقدم العلم في اي مجتمع معيار لتقدمه، و مسؤولية هذا التقدم بالدرجة الاولة يقع على الجامعات و المؤسسات التعليمية. هذا يوضح ان مستوى التعليم الجامعي من حيث الوسائل و اساليب و اقسامه لقية تحولا كبيرا. و هذا التقدم استجابة لحاجات العصر و مواجهة بعض التحديات التي تواجه التعليم الجامعي الذي يتواجد في تطور تقنيات التعليم و زيادة الطلب عليه و اخيرا الانفجار المعرفي. كل ذلك ادى الى وضع الاستراتيجيات فعلية من قبل الجهات المعنية المرتبطة بالاستثمار المعرفي.

اهداف الدراسة:

الاول: معرفة راي اساتذة الجامعة كوية حول:

١- اهمية و حاجة ضمان الجودة.

٢- الجامعة و الادارة الجامعية حول كيفية تنفيذ ضمان الجودة.

٣- الوسائل و مقياس التقيم.

الثاني: الفرق بين رآي اساتذة جامعة كوية حول عملية ضمان الجودة بحسب متغيرات البحث (فكلتي، الجيندر، نوع الشهادة، مكان اخذ الشهادة، الدرجة العلمية، التخصص و سنوات الخدمة الجامعية).

المناهج المستخدمة في هذه الدراسة (المسح الاجتماعي و المقارن). و عينة الدراسة (عشوائية العنقودية). و من وسائل جمع البيانات (الاستبانة). وصلت الدراسة الى بعض نتائج: ان اساتذة جامعة كوية لا يريدون عملية ضمان الجودة، و بالاخص لا يقبلون بالاوسائل و مقاييس التقييم. اما من ناحية اهمية الضمان الاجودة، فان وحدات العينة بنسبة (٨٣.٨%) يرونة انها عملية مهمة و ضرورية. بالنسبة لرإي اساتذة حول الجامعة و الادارة و كيفية تنفيذ لضمان الجودة، فان وحدات العينة يرون ان الجامعة حاولت توعية الاساتذة. اما مايرتبط بالتخطيط الاستراتيجي حول تنفيذ ضمان الجودة، فان وحدات العينة يرون بان ادارة الجامعة ليس لديها تخطيط واضح، ولا يهتم باراء الساتذة لضمان الجودة التعليمية. ليس هناك دلالة احصائية لوحدات العينة بحسب متغيرات (فكلتي، الجيندر، نوع الشهادة، الدرجة العلمية، التخصص و سنوات الخدمة الجامعية) لعملية ضمان الجودة. ولكن هناك فرق للدلالة الحصائية بين وحدات العينة بحسب متغيرات (الدرجة العلمية، مكان اخذ الشهادة).

**Perceptions of university lecturers on Quality Assurance Process**
**(Field study at the University of Koya)**

To improve the conditions of education over the levels of education and learning is an urgent need, and we are facing beginnings of the third millennium of the rapid developments, whether these developments at the level of industrial development or the development of education. This revolution of technology and information and its impact on the educational process, and also the results on increased competition strong link between the global education. The progress of science in any measure of society has to offer, and this progress standard primarily located on the universities and educational. This shows that the level of university education in terms of means and methods and divisions extended to a significant shift. This progress in response to the needs of the times and face some of the challenges facing higher education that exists in the development of teaching techniques and increase with demand, and finally the explosion of knowledge. Witch led to the development of strategies effective by stakeholders associated with investing knowledge.

Objectives of the study:

First: know opinion university lecturers Koya about:

1-importance and need for quality assurance.

2-University and the administration of university on how to implement quality assurance.

3-means and the scale Rating.

Second: The difference between the opinion of the University lecturer's opinion about the quality assurance process, according to the research variables (Fakelty, gender, type of certificate, the certificate took place, Degree, specialization and years of service of university).

Second: The difference between the opinion of the University lecturer's opinion about the quality assurance process, according to the research variables (Fakelty, gender, certificate type, taking the place of the certificate, Degree, specialization and years of service of university).

Approaches used in this study (social survey and comparative). And the study sample (random cluster).and a means of data collection (resolution). To study and got some results: the professors of the University of Koya do not want the process of ensuring quality, and especially do not accept The quality assurance process, and especially do not accept the means and measures of assessment. In terms of the importance of the guarantee, the sample units by (83.8%) as a process they see as important and necessary. For lecturer's opinion about the university and the administration and implementation of how to ensure quality, the sample units believe that the university tried to sensitize teachers. The strategic planning on the implementation of quality assurance, the sample units see that the university administration does not have a plan and a clear, nor cares about the opinions to ensure quality educational. Statistical significance sample units according to variables (Fakalty gender, type of certificate,  Degree, specialization and years of service of university) to the quality assurance process. However Statistical significance difference between the statistical significance of the sample units, according to variables (Degree, the certificate took place).